# میلیشیای کوردی

**هەتا ئێستا عەقڵی کورد تفەنگ خاوەنی بووە، نەك ژیری.**

فەرهاد سەنگاوی لە سیدی(تاك، شۆرشی پاك)

**محەمەد گەلاڵەیی_سۆران**

من بەپێشمەرگەی کوردستان ناڵێم میلیشیا، چونکە رێزی تایبەتیم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە بزوتنەوەکانی کوردایەتی پێشمەرگەی دڵسۆز بووینە. تا دروست بوونی کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، کۆمەڵگای کوردی لەلایەن هێزی میلیشای خێڵگەری حوکمی دەکرا، هەر لەسەپاندنی زوڵمو زۆری بەسەر گشت کۆمەڵگاو تاکەکانی، لەیاسا لۆکاڵیەکانی خێڵگەریو ناوچەگەری تا دەگاتە بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەر، ئەم ڕابردووەی مێژوو ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر ئەوهێزە باڵادەستانەی کورد تا ئەمرۆ، هەمان نەوەکانی میلیشیای دوێنیو پیاوە بەرێزەکانی ئەمرۆنو دەسەلاتدارنو پاکیەتی لەئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ میللەت! مەبەستم لە ناوهێنانی میلیشیا ئەو هێزە خەوتووەی کۆمەڵگای کوردیو هەندێ شاری کوردستانە، کە دەم نا دەمێك رۆڵی خۆیان دەگێڕن، زۆر جار و لەکاتی زۆر مێژوویدا بۆ کورد دەستی ئاژاوەگێڕیو خیانەتیان هەبووە، جاشایەتیان کردووە، عەقڵی کوردیان بەچەکدار کردووە، پێشمەرگەی پاكو ئازایان تەسلیمی رژێمی بەعس کردووە، بەشداری ئەنفالو کیمیابارانکردنی کوردستان بووینە، لەریزی پێشەوەی دژ بەشۆرشەکانی کورد بووینە هەر لە شۆرشی بەدرخانیەکانەوە تا دەگاتە شۆرشی نوێ لەسەدەی ڕابردوودا، ئەو میلیشایەی کوردیو بێدەنگی لە بەرامبەریدا درێژەدانە بە پاشکەوتوونو سیستەمی خیلگەری، بەتایبەتی ڕووداوەکانی شێخانو چەندانی تری ئەم دەڤەرە سەلمەندیان کە هێشتا میلیشیا هێزی زیاترە لە هێزی دەسەلاتی کوردی، هەندێ جار حکومەتەکانی عێراقو کوردستان بە تانكو هەمەر نەیانتوانیووە زاڵ بن بەسەر دوو هێزی دژ بەیەکی خێڵگەری کە میلیشیایەکی زۆر بەهێزیان هەبووە، میلیشای کوردی سەروەری یاسای بەزاندووە لەم وولاتەدا، بەڵگەشم ئەوەیە هەر لەپەناگرتنی کەسانی سەرپێچی کار لە یاسا بەگشتیو بەتایبەتی پیاو کوژو بازرگانانی تلیاكو مرۆڤ..هتد. بێجگە لەوەی ناچنە ژێرباری یاسا، بەرۆژی نیوەڕۆ هەڵدەکوتنە سەر مەرکەزی پۆلیسو لەلایەکی ترەوە لێدان لە پۆلیسەکانی هاتوچۆو و یاساکانی کە وایانکردووە پۆلیسی هاتوچۆ بکەنە بێدەستەلادارترین کەسی حکومی، ئەو هێزەی میلیشیای کوردی زۆر چاوپۆشی لێکراوە لەلایەن دەسەلاتی کوردی، هەندێ جار و لەهەندێ شوێندا هەردوو هێزی میلیشیاو حکومەت تێکەڵبوونە. ئەوەی مەترسی لێدەکرێ لەو هێزەو لەئەگەری ڕوودانی هەر بارێکی نائاسایی لەم وولاتەدا، ئەوا مەترسیەکی گەورە دروستدەکەنو ئاژاوەگێڕی زۆرتر دەبێ، واباشە حزبەکان بە تایبەتیو حکومەت یارمەتی ئەم هێزانە نەداتو چەکیان لێ دابماڵێت، هێشتنەوەی دەسەلاتی میلیشیا بەمشێوەییە بەسەر کۆمەڵگاو تاکەکانی وادەکات نەوەی داهاتوو بەهەمان عەقڵو بیروبۆچوونی ئەوانەی دوێنێ گەورە بێتو ببێتە هەمان دەستەلاتداری میلیشیا، ئەمە وادەکات کۆپی ئەم جۆرە عەقڵە میلیشیایە بالانسی زۆرتر دەبێ لەبەرەو پێشچوونی بیری عەقلانیەتو ئاشتی، ئەوەی جێگەی داخە لەوانەیە بەشێك لەوچەکدارە میلیشیانە مووچەی پێشمەرگایەتی وەردەگرن، لەلایەکی ترەوە فەرهەنگی میلیشیا چەکداری بەردەوام رێگربووە لە بلاوبوونەوەی فەرهەنگی یەکتر قەبوڵکردنو ئاشتیو خۆشەویستی، کارەکانی میلیشیای کوردی ئەوەندەی کاری لەسەر یەکترازانی کۆمەڵی کوردەواریو دروستکردنی سنووری خێڵگەریو ناوچەگەری کردووە، ئەوەندە کاری لەسەر یەکتر نزیکردنەوەو نەهێشتنی سنوورە دەستتکردەکان نەکردووە، کەچی داگیرکەران کوردستانیان دابەشکردووە، میلیشیای کوردی دووئەوەندە کاریان لەسەر ئەم دابەشکردنە کردووە، میلیشیا هەتا ئێستا دەتوانێ گەرەکانی شار بکاتە دوولەتەوە بەهۆی دەستەلاتو کارە دزێوەکانی لەبەرامبەر هاوتا دوژمنەکانی، جا نەك ئەم سنوور دروستکردنە، بەڵکو میلیشیای کوردی

هەڵساوە بە هەڵگیرساندنی شەڕی ناو خێڵەکانو گواستنەوەی شەڕی چەکداری بۆ ناو گەڕەكو کۆڵانەکانی هەندێ شاری کوردستان، میلیشیای کوردی وێرای ئەوەی دەستی هەبووە لە گەرمکردنی شەڕی ناوخۆ دوای شەریش تا ئێستا دەوری خۆی دەگێرێت، بۆیە بێدەنگی نووسەرانو لێکۆڵەرانو رەخنەگرانی کۆمەڵگای کوردی وا دەکات ئەو هێزە بالآنسی هێزی شەڕی زیاتر بێت لە هێزی ئاشتیو پێکەوە ژیان، بۆیە قسەکردن لەسەر میلیشیای کوردیو پێکهاتەو داهاتوو و کاریگەریەکانی بەسەر سروشتی کۆمەڵگای کوردیو تاکەکانی، ئەو بێدەنگیە دەشکێنێت کە تا ئێستا قسەمان لەسەری نەکردووە.